

## مەحموود بریکان ١٩٣١ – ٢٠٠٢

# مرۆڤێک لە مەنفای شیعرەکانیدا بە نامۆیی مایەوە

و. ئا: جومعە جەباری

### فەلسەفە و مۆسیقا لە شیعرەکانیدا

کاتێک باسی زمانی شیعری بە مۆسیقا سازگارەکەیەوە دەکرێت، یادەوەرییەکانی ئەو شاعیرە بە دوای یەکدا دێتە بەر دیدەمان، لێرەدا مۆسیقای وشەکە دەبێتە دروستکاری ئاوازی هۆنراوەکە، کە ئەو دەلالەت و جیاوازییەی پێ دەبەخشێت لە زۆربەی پێویستییەکانی یەکەی تەواوی روئیای ناو وشەکەدا پێویستە، بۆ ئەوەی بەدووربین لە تێزەکانی رەخنەی کۆن و گرفتەکانی نوێی قووڵبووەوە لە ناو ئەزموونگەریدا، کە هۆنراوەکە دەکات بە گومۆکە، کە لەوانەیە لە ناویدا دەقی هۆنراوەیی نەبینینەوە، ئەمەش پێوەستە بە پێویستییەکانی شیعر و یاساکانی ناوەوەی.

هەر لە یەکەی هۆنراوەی نوێگەرییەوە لەلای سەیاب و بریکان و بەیاتی و بلّند حەیدەری

و حوسێن مەردان و سەعدی یوسف، تا نەوەکانی نوێگەری دوای ئەوان، تاکو دەگاتە سوارچاکانی هۆنراوەی نوێگەری بە جوایەزیی وشەکانیان لە ناو زەنگی ناوەوەی و نواندنە جوایەزەکەیان و جیابوونەوەیان بەهۆی هەستی مەعریفی و نزیکبوونەوەیان لە خەمەکانی تاک دوای قۆناغی شڵەژان و شەپۆکیی سیاسی و نامۆبوونی رۆشنبیر دوای نسکۆی شۆڕشی ١٤ی تەمووز و کودەتا رەشەکەی ساڵی ١٩٦٣، باشترین کەسیش رەوتی شەستەکانی سەدەی رابردوو بنوێنێ لە هۆنراوەی پەخشاندا ئەمانەن: "محەمەد ماغوت، ئەنسی حاج، تۆفیق سایغ، فازل عەزاوی، سەرگۆن پۆلس، موئەیەد راوی".. و ئەوانی تر.
وشە لە شیعری پەخشاندا دەمانخاتە ناو جوایەزییەکی تایبەتەوە لە کەسایەتیی شاعیرەکەوە، کە وەرگر ناتوانێت بە تەنیا بەرگەی دەرهاوێژەکانی بگرێت بەدوور لە جیهانبینی تایبەتی شاعیرەکەدا، لێرەوە دەچینە ناو جیهانی مۆسیقا لە زمانی هۆنراوەکەدا، لەو شاعیرانەش کە سوودیان لە مۆسیقای شیعری ستوونی کلاسیکی وەرگرتووە، وەک: سەیاب و مەحموود بریکان، کە لە رێگەی هۆنراوەکانیانەوە هەست بە توانایان دەکەین لە کارامەییان، لە بەکارهێنانی عرووز و مۆسیقای بەحرە شیعرییەکانی "بەسیت، وافر، رەجەز، موتەقارب و موتەدارک".

وەکو بزانم سەیاب بە درێژاییی ژیانی و سەردەمی ئەفراندنەکانی و تەمەنە کورتەکەی ئەوەندە ئاگەداری مۆسیقای سیمفۆنیای جیهانی نەبوو، وەک ئەو ئاگاییەی کە مەحموود بریکان هەیبوو، چونکە بریکان زۆر حەزی بە مۆسیقای سیمفۆنیا بوو، بەتایبەتی مۆسیقاکانی "بتهۆڤن، باخ، مۆزارت، هایدن شتراوس، جایکۆفسکی، سترانفسکی کورساکۆف، فاغنەر..".

بریکان زۆر هەواداری وردەکاریی ئەو مۆسیقایە بوو، زۆریش بایەخی پێی دەدا، تەنانەت بەو ئامێرانەش کە لە رێگەیەوە گوێی لێ دەگیرێت و، شێوازی دابەشکردنی دەنگەکانی بەو ئامێرانە، لەگەڵ بایەخدانی بە فەلسەفەی یۆنانی و فەلسەفەی وجوودی و فەلسەفەی مارکسی و فەلسەفەکانی تر، بەتایبەتی بایەخێکی تایبەتی بە فەلسەفەی هیگل و کانت و دیکارت و مارکس و سارتەر دەدا، کاتێکیش تێبینی دەکەین، گرینگی کاریگەری هۆنراوەی نوێگەریی ئیلیۆت بەسەر شیعری سەیابەوە، تێبینی ئەوەش دەکەین ئەویش ئەو شاعیرە مەزنە، فەلسەفە تایبەتییەکەی لە شیعردا کاریگەریی تێ کردووە و زانیارییەکانی فراوان کردووە دەربارەی مێژووی فەلسەفە بەهەموو پەل و پۆکانییەوە، هەر لەسەرەتای لێکۆڵینەوەکەی نیتشە دەربارەی تراجیدیای گریکی و سەرهەڵدانی تراجیدیا و

لێکۆڵینەوەکەی هایدگەر لەسەر شیعر و فەلسەفە، کاتێک لێکۆڵینەوەکەی سارتەرمان دەربارەی بۆدلێر بەبیردا دێتەوە، کە وەسفی دەکات بە "مشەخۆرێک لەسەر توێژێکی مشەخۆر دەژی" مەبەستی توێژی بۆرژوازییە، شیعر دەچێتە دەورێکی ترەوە لە سواڵکردنی بەر دەرگەی سوڵتانەوە بۆ هاندانی مرۆڤ بەرەو ناوچەی هیواکان، دوای ئەوەی نائومێدی و عەبەسییەتی ژیان بە روونی بەدیار دەکەوێت لە نێوان بەشەکانی ئەم جیهانە.

لێرەدا مەحموود بریکان وەک شاعیرێکی خەمخۆری ئەم جیهانە و خەڵکەکانی لە دەروونیدا دەبینم، پرسیارکارێکی بەجۆشە لە شیعرەکانیدا: "حارس الفنار، اغنیة حب في معقل المسنین، اسطورة النائم في نومه و...هتد" وەک بڵێی پرسیارگەلێکی وجوودییە لە ناخی چارەنووسی مرۆڤی هاوچەرخ و وێڵبوونی لە شارستانێتییەکی پیشەسازییانە، کە دەیکات بە ژمارەیەکی لەبیرکراو و بێ بایەخ لە نێو گۆشە بێ پایانەکانیدا، وەک بڵێی دەیەوێ بەو گرینگیدانەی بە فەلسەفە و مۆسیقاوە هەوڵ دەدات ئەو مرۆڤە لە گێژاوی نائومێدی رزگار بکات و فرێی بداتە گۆڕەپانی جیهانە راستەقینەکەوە، وەک هەوڵدانێک بۆ بەخشینی رەوتێکی تر بە جیهان، دوور لە ئەو سستییە بکوژە، بۆیە هەر لە هەشتاکان تا نەوەدەکان و کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم شاعیر لە نێو هەڵچوون و پرسیارگەلێکدا دەژیا، کە بایەخی لەلای ئەو شاعیرە هەبوو، کە لە چلەکاندا وازی لە بڵاوکردنەوە هێنا و ئاگای لە ململانێکانی شیعری نوێش بوو.

کاتێک فازڵ عەزاوی کتێبەکەی لەسەر نەوەی شیعری شەستەکان دەرکرد، ئەو بیروڕای تایبەتی خۆی هەبوو لەسەر شیعری پەخشان، کۆمەڵێک تێبینی گرینگی دەربارەی کتێبی "الروح الحیە" ی فازل عەزاوی و کتێبی "الموجە الصاخبە" ی سامی مەهدی هەبوو، کاتێکیش شەڕی پێشەنگەکان دەستی پێ کرد، ئەو بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبوو سەبارەت بە ناکۆکییەکانی نێوان بەیاتی و سەیاب، بەتایبەتی سەبارەت بە وتارەکانی سەیاب، کە لە رۆژنامەی "الحریة البغدادیة" بڵاوی کردەوە، کە رۆژنامەیەکی نەتەوەیی بوو، وتارەکە بە ناونیشانی "کنت شیوعیا" بوو. بەیاتی ئەو شاعیرە بە غەڵبەغەڵبەی بۆ بەرهەمە جوایەزەکانی، رەنگە لای مەحموود بریکان ئەو شاعیرە جوایەزە نەبووبێت، کاتێک جارێکیان لێیم پرسی ئایا بەیاتی بەو بڵاوکردنەوە بەردەوامەی بۆ بەرهەمەکانی توانیی وامان لێ بکات پێی بڵێین «دنیای پڕ کردووە و خەڵکیشی مشوول کردووە» وەک ئیبن رەشیق قەیرەوانی بە موتەنەبی گوت، ئەو ئەمەی بە تەعەدایەک زانی بۆ پلەوپایەی موتەنەبی، کاتێکیش سەعدی یوسف لاواندنەوەکەی بڵاو کردەوە، کە لە راستیدا بریتی بوو

له تانەیەکی توند بۆ بەیاتی، داوای ئەو لاواندنەوەیەی لێ کردم، کاتێک خوێندییەوە، گوتی کە خۆزگەی دەخواست سەعدی ئەم وتارەی پێش مردنی بەیاتی بڵاو بکردایەوە، ئەمەشی وا لێکدایەوە، کە سەعدی جورئەتی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بەیاتیدا نەبوو بۆ گاڵتەکردن بە بەرهەمە شیعرییەکانی. بریکان یادەوەریی زۆرە لەسەر بەیاتی، تێبینیشی هەیە لەسەر ئەزموونە جوایەزەکەی سەعدی یوسف و رۆشنبیریی و ئاگەدارییە فراوانەکەی بۆ رۆشنبیریی ئەوروپایی.

زۆر جاریش هەوڵم داوە بگەم بە ئەنجامێک یاخۆ پێوەستێک لە نێوان زمانی شیعری لای بریکان و هەستی داستانیی یەکگرتوو لە سیمفۆنیای جیهانیدا، چونکە "باڵندەی ئاگرین، دەریاچەی بەجەع، قەدەر لە دەرگە دەدات، دانوبی شین و سروودی خۆشی" هۆنراوەگەلێکن بە هەستە زانستییەکەیانەوە دەچنە وردەکاریی هۆنراوەی پەخشانی نوێوە، پێم وایە ئەزموونی بریکانی شاعیر لەگەڵ مۆسیقای جیهانی پێویستی بە هەڵوەستەیەکی دوورودرێژ هەیە، ئەم وتارە کورتە بەشی ناکات.

بەڵام چەند تێبینییەکی گرینگ هەیە دەتوانین لە پێش هەمووان دای بنێین، ئەویش ئەوەیە، مەحموود بریکان توانی سوود لە قووڵبوونەوەی لە وردەکارییەکانی مۆسیقای جیهانی وەرگرێت و، وای لێ هاتبوو لەگەڵ رووداوی مۆسیقیی ناو سیمفۆنیاکەدا دەژیا، وەک بڵێی دووبارە سیمفۆنیاکانی بتهۆڤن و موزارت بە هۆنراوەی نوێ و بە هەستێکی نوێوە دادەڕێژێتەوە، ئایا بریکان توانی ئەو هۆنراوەیەی ئاواتی بوو بینووسێت، لەو کاتەی نوغرۆی یەکەم نەشئەت بوو، وەک بڵێی لە ژێر کاریگەریی مەخلووقەکانی رامبۆ و بۆدلێرە، وەک بڵێی سواری کەشتییە سەرخۆشەکە بوو، دوای ئەوەی گەیشتە لووتکەی نەشئەی شیعری، لەو کاتەی گوێی لە سیمفۆنیای نۆیەمی بتهۆڤن دەگرت، بە هەموو نەمرییە مەزنەکەیەوە لە دەروازەکانی قەدەرەوە دەرچێت و لە دەرگەکان دەدات بەرەو جیهانێکی نوێی خۆشی.

مەحموود بریکان شاعیرێکی بێدەنگ بوو، سەیاب زۆر هەوڵی دا لەو بێدەنگییەی دەریکات، وەک خۆی دەڵێت لە وتارێکیدا لە رۆژنامەی "شەعب" لە ساڵی ١٩٥٧ بڵاوکرایەوە "هەموو هەوڵێک بەگڕ دەخەم بۆ دەرکردنی لە ناو ئەو بێدەنگییەی بۆ ئەوەی لە شوێن و پلەوپایەی خۆیدا دانیشێت".

بە درێژاییی نیو سەدە، کە تەمەنی ئەفراندنی شیعرییەتی تەنیا ٨٥ هۆنراوەی بڵاو کردەوە، بۆیە وەک شاعیرە هاوەڵەکانی هاوچەرخی خۆی لە عێراق و نیشتیمانی عەرەبیدا

ناسراو نەبوو. بەهۆی دۆگمائیەتی خۆی و پچڕپچڕیی بڵاوکراوەکانی و کەمییەوە، هەندێک جاریش ڕەخنەگران بە یەکێک لە پێشەنگەکانی شیعری نوێی عێراقی دادەنێت، چونکە ئەو یەکێک بووە لە هاوەڵانی بەدر شاکر سەیاب (١٩٢٦- ١٩٦٤) و نازک مەلایکە (١٩٢٣-٢٠٠٧) و عەبدولوەهاب بەیاتی (١٩٢٦- ١٩٩٨) بووە، سەرەڕای ئەوەی وەک ئەوانیش زۆر بەناوبانگ نەبوو، بەڵام جۆرە وتەیەک بڵاو بووەوە لەسەر گرینگی و بێوێنەیی ئەم شاعیرە، بۆ نموونە سەیاب لە وتەیەکیدا گوتی: "مەحموود بریکان شاعرێکی مەزنە، بەڵام نەناسراوە بەهۆی خۆگرتنەوەی لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی".

مەحموود داود بریکان ساڵی ١٩٢٩ لە شارۆکەی زوبێری بەسرە لە خانەوادەیەکی ئەسڵ زادە لە دایک بوو، کە بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەجد، لە زوبێر پێیان دەڵێن «شێخ زادەکان». بریکان سێ ساڵ لە قوتابخانەی نەجاتی ئەهلی لە زوبێر وانەی گوتووەتەوە، ئینجا لە ساڵی ١٩٥٣ کاتێک تەمەنی ٢٣ ساڵان بووە بەرەو کوێت کۆچی کردووە و لەوێش پێنج ساڵ و نیو ژیاوە و لە قوتابخانەی قوتەیبە وانەی گوتووەتەوە، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە بەغدا و خویندنی لە کۆلیجی ماف لە ساڵی ١٩٦١ تەواو کردووە و، دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ بەسرە لەوێ وانەی عەرەبی گوتووەتەوە، لەگەڵ کچی مامی خێزانی پێک هێناوە، بەڵام منداڵیان نەبووە، بریکان پیاوێکی وشک و بێ خەندە بووە هەموو کەسێک نەیتوانیوە لەگەڵیدا بژێت، چونکە چووبووە ناو ژیانی تایبەتی خۆیەوە، کە بریتی بوو لە شیعر و مۆسیقا. دوای ئەوە هاوسەرێتی لەگەڵ کچە شاعیر «عەدالە عیدانی» دا پێک هێنا، دوو کوڕی لێی بوو (ماجید- ١٩٨٤) و (خالید- ١٩٨٥) بەڵام بەهۆی کێشەی خێزانییەوە لە یەکتری جیابوونەوە.

بریکان لە کاتژمێر ١٠ ی ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەمەی ٢٨ شوباتی ٢٠٠٢ لە ماڵەکەی خۆیدا، کە کەوتووەتە گەڕەکی جەزائیر کوژرا و، لە قەبرسانی حەسەن بەسری لە زوبێر لە نێزیک سەیابەوە نێژرا.

کۆپلەیەک لە شیعرەکانی:

"مرۆڤی شارە بەردینەکە"

لە ژیانی نێژراوی ژێر زەوی، لە ویڵبووندا
لە ئاسن و چیمەنتۆ و بەرد دروست کرابوو
کە جاڵجاڵۆکەی ترس و وەڕسی
داوەکانی لە ڕێگەی بێدەنگیدا درێژ دەکاتەوە،

هیچ پەنایەکیش نییە..
لە چنگی مردن، کاتێک مرۆ لە جۆشی بۆ ژیاندا
دەمرێت.
ئەو کاتەی دەنگ ون دەبێت، شوینەوار نامێنێت
تۆ لێرەدا دەسوورێیتەوە
وەک بلێی چاخەکان لە هەناسەبڕکێی تۆدا هەناسەبڕکێیانە
تۆ لێرەی.. تۆ چ گۆرانییەک بۆ گۆڕەکان دەچڕی؟
چی بەم تاریکییە بێ مانا و شەختەیە دەڵێی؟
ئەی چی راز دەکەی بۆ تەنیایی؟

(...)

ئەیَ رۆژێک نەبوو تۆ
بەرەو خۆر هەڵدەهاتی و بیری مانگت دەکرد؟
ئەم نابووتییە لە کوێوە بۆ دڵت هات؟
چۆن دنیا لە بینینی بەبێ رەنگەکان نەما؟
ئەی لە کوێ تکا دەکەی ئەی مرۆڤ:
ئەوەی لە خۆشەویستییەکەتدا ون بووە بیدۆزیتەوە؟

سەرچاوەکان:


- فایلی بریکان، ئامادەکردنی: حوسێن عەبدولەتیف، رۆژنامەی زەمان، شەممە، ۲۸/فبرایەر/۲۰۰٤
- وتارێک بە ناوونیشانی "مەحموود بریکان فلیڤانی نەفیکراو لە بێدەنگی و تەنیاییدا" شەکیب کازم.
- وتارێک بە عارەبی بە ناوونیشانی "شاعیرێکی پێشەنگ بە هەوەستی خۆی، خۆی نەفی کردە ناو بێدەنگییەوە" تۆڕی ئەنتەرنێت.
- لەگەڵ وتارێکی نووسەری عێراقی "کەریم عەباس زامل" بە زمانی عەرەبی بە ناوونیشانی "مەحموود بریکان مرۆڤ و شاعیر.. فەلسەفە و مۆسیقا لە شیعرەکانیدا" تۆڕی ئینتەرنێت.